بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ژمارەی بڕیار: ٤
رۆژی بڕیار: ٦/٨/٢٠٠٦

## بڕیار

لەسەر ئەو یاساکارییەی کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتان – عێـراق لـە دانیـشتنی نائاسـایی ژمارە (١)ی رۆژی (٦/٨/٢٠٠٥)یدا، پشت بە حوکمەکانی برگـە (١)ی مـاددە (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢) هـەموارکراو بەئـەنجامی گەیانـدووەو، بـەو دەسـەڵاتەش کەبـەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا.

## بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٥

**یەکـــەم**/ چاوپێخـشاندنەوە بـەپرۆژەی دەسـتوری هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق کـە بـە بڕیـاری ئەنجومەنی نیشتمانیی – کوردستان – عێراق ژمارە (٢٦) لە (٧/١١/٢٠٠٢) دەرچووە.

**دووەم**/پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لەیاساناسان و شارەزایان بۆ جێبەجێکردنی نـاوەرۆکی برگـەی سەرەوەی ئەم بڕیارە بۆ ئەوەی بخرێتە پێش ئەنجومەن بۆ گفتوگۆکردن و رادەربڕین.

**سێیەم**/ ئەم بڕیارە لـە رۆژی دەرچـوونیەوە جێبـەجێ دەکرێـت و لەرۆژنامـەی رەسمیـی (وەقـایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com